بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴿1﴾

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بێگومان خوا گوێ ی لەو ئافرەتە بوو کە گفتوگۆی لەگەڵدا کردی دەربارەی هاوسەرەکەی و هاناو دادی خۆی بۆلای خوا دەبرد، خوایش گوێی لە گفتوگۆکەتان بوو، بەڕاستی خوا بیسەرو بینایە.

چوار ئایەتی سەرەتای ئەم سورەتە دەربارەی (خەولە)ی کچی (ثعلبة) و مێردەکەی هاتۆتە خوارەوە.. ڕۆژێك مێردەکەی لێی توڕە دەبێت و پێی دەڵێت: تۆ لە جێگەی دایکمی، (خەولە) دێت بۆ خزمەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، دوای تاوێك حاڵەتی (وحی) بەسەر پێغەمبەردا دێت و چوار ئایەتی سەرەتای ئەم سورەتە دادەبەزێت.

الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿2﴾

ئەوانەی بە هاوسەرانیان دەڵێن: تۆ وەك دایكم وایت ( بێگومان) هاوسەریان، نابنە دایکیان، چونکە دایکیان تەنها ئەوانەن کە ئەوانیان لێ بووە، ئەوانە قسەیەکی نابەجێ دەکەن و بوختانێکی ناپەسەند دەڵێن، (بەڵام) خوا چاوپۆشی دەکات و لێخۆش دەبێت (ئەگەر ئەوانە پەشیمان ببنەوەو داوای لێخۆشبوون بکەن).

وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ
تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿3﴾

ئەوانەی کە بەهاوسەرەکانیان وا دەڵێن و دوایی پەشیمان دەبنەوە لە قسەکەیان، دەبێت کۆیلەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی (ئەو ژن و مێردە) بیەك بگەن، ئەمەش ڕێنموونی و ئامۆژگارییە ، پێتان دەدرێت، خوایس ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ
مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿4﴾

ئەوەی کە کۆیلەی نەبوو دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژو بێت پێش بەیەك گەیشتنیان، ئەوەی ناتوانێت بەڕۆژوو بێت با شەست هەژار تێر بکات لە ژەمێك خواردن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە باوەڕتان پتەوبێت بە خوا (کە چارەسەر دادەنێت بۆ گیرە گرفتەکان)، پێغەمبەریش (کە لە ڕاستیەکان و پەیامەکانی خوا ئاگادارتان دەکات) ئەوەش سنوری خوایە، بۆ ئەوانەش کە کافرن و (ملکەچی فەرمانی خوا نابن) سزای بە ئێش و ئازار بۆیان ئامادەیە.

إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ
وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿5﴾

بەڕاستی ئەوانەی دژایەتی و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، سەرشۆڕو خەجاڵەت و شکست خوردە دەبن، هەروەك ئەوانەی پێش ئەمان کە سەرشۆڕو خەجاڵەت بوون و تێکشکان، خۆ ئێمە بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکرامان ناردۆتە خوارەوە لە سەر ئەو راستیانە، جا بۆ ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕن سزای بە ئازارو پڕ ئێش ئامادەیە.

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ
﴿6﴾

ڕۆژێك دێت كه خوا هه‌موویان زیندو ده‌كاته‌وه‌و هه‌واڵی هه‌موو كاروكرده‌وه‌كانیان پێ ڕاده‌گه‌یه‌نێت، كه خوا تۆماری كردووه له سه‌ریان و هه‌مووی ژماردووه‌و له‌یه‌ك به‌یه‌كی ئاگاداره، هه‌رچه‌نده ئه‌وان فه‌رامۆشیان كردووه، خوایش شایه‌ت و ئاگایه به‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿7﴾

ئایا نابینی كه به‌ڕاستی خوا به‌هه‌رچی له ئاسمانه‌كان و زه‌ویدا هه‌یه زانو ئاگایه، سێ كه‌س نیه چپه بكه‌ن به‌یه‌كه‌وه زوا چواره‌میان نه بت، پێنج كه‌س نیه ئه‌و زاته شه‌شه‌میان نه‌بێت، له‌و ژمارانه كه‌متر نیه یا زیاتریش نیه كه ئه‌و زاته لایان نه بت و (ئاگادار نه‌بێت به سرته‌و چرپه‌یان) له هه‌ر شوێنێک و له هه‌ر كوێدا بن، پاشان له ڕۆژی قیامه‌تدا هه‌واڵی هه‌موو ئه‌و كارو كرده‌وانه‌یان پێده‌ڵێت كه ئه‌نجامیانداوه، چونكه خوا به هه‌موو شتێك زانایه.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿8﴾

ئایا نابینی ئه‌وانه‌ی قه‌ده‌غه‌ی چپه‌یان لێكراوه، كه‌چی له‌وه‌ودوا هه‌ر ده‌گه‌ڕێنه‌وه سه‌ر ئه‌و ڕه‌فتاره‌ی كه لێیان قه‌ده‌غه‌كراوه، به‌رده‌وام خه‌ریكی چپه‌یه‌كن كه هه‌مووی گوناهو دوژمنایه‌تی و نافه‌رمانی پێغه‌مبه‌ره، كاتێكیش دێن، بۆلات جۆرێك سڵاوت لێ ده‌كه‌ن، كه خوا به وشه‌وه‌یه سڵاوی لێنه‌كردوویت!! له دڵی خۆیاندا ده‌ڵێن: باشه كێ ده‌ڵێت خوا سزمان نادات له سه‌ر گوفتارمان، ئه‌وانه شوێنه‌واریان دۆزه‌خه كه ده‌گه‌یه‌نرێنه ناوی بێگومان ناخۆشترین جێگه‌شه.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَتَنَاجَوْا
بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿9﴾

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر چپەتان کرد بە یەکەوە،
چپەیەك مەکەن کە گوناهو دوژمنایەتی و نافەرمانی پێغەمبە ر بێت، با
چپەکانتان هەمووی دەربارەی چاکەو خواناسی و پارێکاریی بێت، لەو
خوایە بترسن کە لای ئەو کۆدەکرێنەوە (بۆ لێپرسینەوە).

إِنَّمَا النَّجْوَى مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ
فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿10﴾

بەڕاستیی چپەی خراپ و نابەجێ لە شەیتانەوەیە تا ئەوانە غەمبار بکا
کە باوەڕیان هێناوە، وە نەبێت ئەو چپەیە هیچ زیانێکیان پێبگەیە نێت
مەگەر ویستی خوای لەسە ر بێت، دەبا ئیمانداران هەر پشت بەخوا
ببەستن (تا لە ژیان دوور بن).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ
انشُزُوا فَانشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرٌ ﴿11﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا پێتان
وترا: ڕێ بدەن بە کەسانی ترو ئەڵقەی دانیشتنەکە فراوان بکەن، ب
دوودڵی فراوانی بکەن، خوایش پاداشتی فراوانتان پێدەبەخشێت، خۆ
ئەگەر پێتان وترا هەستن و جێگە چۆڵ بکەن، (بۆ پیاوماقووڵ و ڕیش
سپی و گەورەکانتان) جێگە چۆڵ بکە ن، بێگومان خوا ئەوانەی ئیمانیان
هێناوە پلەو پایەی بەرزو بڵندیان پێدەبەخشێت، خوایش ئاگایە بەو کارو
کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ
وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿12﴾

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ویستتان چپەیەك یا قسەیەکی نهێنی لەگەڵ پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بکەن، پێش ئەو کارە خێر بکەن و (بە گوێرەی توانا شتێك ببەخشن بە هەژاران)، ئەوە چاکترە بۆتان و خاوێنترە، خۆ ئەگەر نەتان بوو، ئەوە چاك بزانن کە خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە (لە نەداران).

أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿13﴾

ئایا دەترسن پێش ئەوەی کە بەنهێنی قسە بکەن، خێرو چاکەیەك ئەنجام بدەن؟! خۆ ئەگەر ئەنجامیشی نەدەن خوا هەر لێتان خۆش دەبێت، دە ئیتر ئێوە نوێژەکانتان بەچاکیی ئەنجام بدەن و زەکات ببەخشن و فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بکەن، بێگومان خوا زۆر ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ تَوَلَّوْا قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿14﴾

ئایا ئاگادار نیت لەو کەسانەی کە پشتگیری لەو هۆزە دەکەن، کە خوا خەشمی لێ گرتوون و ڕقی لێیانە، (ئەو دوو ڕووانە) نە سەر بە ئێوەن، نە سەر بە ئەوانیشن، خۆشیان دەزانن کە سوێند لەسەر درۆ دەخۆن.

أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿15﴾

بێگومان خوا سزایەکی پڕ ئێشی بۆ ئامادە کردوون، بەڕاستی ئەوانە ڕەفتارێکی ناشرین دەنوێنن و کارێکی نابەجێ دەکەن.

اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿16﴾

سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغان بۆ خۆیان (تا سەروماڵیان سەلامەت بێت)، بەرەبستیش دادەنێن لەسەر ڕێگەو ڕێبازی خوا، بۆیەسزاو ئازارێکی سەرشۆڕکەر بۆیان ئامادەیە.

لَن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿17﴾

نە ماڵ و سامانیان نە ڕۆڵەکانیان هەرگیز نابنە هۆی ئەوەی کە لە دەست تۆڵەی خوا ڕزگاریان بکات، ئەوانە نیشتەجێی ناو دۆزەخن و تیایدا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَى شَيْءٍ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿18﴾

ڕۆژێك دێت خوا هەموویان زیندوو دەکاتەوە، دەست دەکەنەوە بە سوێند خواردن هەروەك بۆ ئێوە سوێندیان دەخوارد، وە وا دەزانن کە شتێك یا ڕێبازو بەڵگەو بەرنامەیەکیان هەیە!! (خوای گەورە لەناو خەڵکیدا ڕیسوایان دەکات و دەفە رموێت): ئاگاداربن ئەوانە هەر درۆزنەکانن.

اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴿19﴾

ئەوانە شەیتان داگیری کردوون و یادی خوا لە بیرکردوون، ئەوانە هەر دەستەو تاقمی شەیتانن، ئاگادار بن کە بێگومان دەستەو تاقمی شەیتان خەسارەتمەندو زەرەرمەندن.

إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ فِي الأَذَلِّينَ ﴿20﴾

بەڕاستی ئەوانەی دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و ئا ئەوانە لا نزمترین و نەویترینی (خەڵکین لە دنیاو قیامەتدا).

كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿21﴾

خوا بڕیاری داوە کە: هەر خۆم و پێغەمبەرەکانم سەرکەوتوو دەبین، چونکە بەڕاستی هەر خوا خۆی بەهێزو باڵادەستە.

لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿22﴾

نابینیت کەسانێک باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، هەرچەندە ئەو دوژمنانە لە باوانیان یا نەوەکانیان یا براکانیان یا عەشرەتیان بن، ئەوانەی کە بە وشەیەن (ئیمان وپیرۆزترە)، خوا ئیمان و باوەڕی لە دڵیاندا جەسپاندووەو جێگیری کردووە، وە لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی پشتگیری کردوون و یارمەتی داون، سەرئەنجامیش دەیانخاتە باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگەو ڕووبار بە زۆر درەخت و کۆشکەکانیدا تێدەپەڕیت، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستەو تاقم و لایەنی خوای گەورەن، ئاگادار بن کە بەڕاستی هەر لەلایەن و دەستەو تاقمی خوا سەرکەوتوو و سەرفەرازن.